فه‌رمانده‌یی ئۆپه‌راسيۆنه‌ هاوبه‌شه‌كان له□ باره‌ى "قه‌ده‌غه‌ى هاتوچۆ" له‌كاتى هه‌ڵبژاردنه‌كان رونكردنەوە دەدات

فه‌رمانده‌یی ئۆپه‌راسيۆنه‌ هاوبه‌شه‌كانى عێراق ئه‌مڕۆ يه‌كشه‌ممه‌ رايگه‌یاند، بڕیاردراوه‌ كه‌ له‌ ڕۆژى ده‌نگدان بۆ هه‌ڵبژاردنى ئه‌نجومه‌نى پارێزگاكان هيچ داختستنێك له‌ نێوان پارێزگاكاندا نا بێت و قه‌ده‌غه‌ى هاتوچۆش بۆ ئۆتۆمبێل جێبه‌جێ ناكرێت.

فه‌ريق روكنى يه‌كه‌م قه‌يس محه‌مه‌داوى جێگرى فه‌رمانده‌ى ئۆپه‌راسيۆنه‌ هاوبه‌شه‌كان و سه‌رۆكى ليژنه‌ى با□□اى ئاسايش بۆ هه‌ڵبژاردنى ئه‌نجومه‌نى پارێزگاكان رايگه‌یاند، له‌ ڕۆژى ده‌نگدان بۆ هه‌ڵبژاردنه‌ ناوخۆييه‌كان هيچ سنورێك بۆ جوڵه‌ له‌ نێوان پارێزگاكان يان له‌ناو پارێزگاكاندا نيه‌، هاتوچۆ ئاسايى ده‌بێت و قه‌ده‌غه‌ى هاتوچۆى ئۆتۆمبێل جێبه‌جێناكرێت.